# وەش لە بێ بەزەییت ئەی نیشتمان

**نامە ئەدەبی و بوێرەکەی سەید ئەلقمنی کە لە 2007/2/9 بڵاوکرایەوە**

**و. مەحمود محەمەد عوسمان**

**بەشی چوارەم وکۆتایی**

دوای تۆقاندن، هەرگیز کرنووشم نەبرد بۆ گومراکردن و هاندان، ئەو هاندانەی کە شێخ دکتۆر عەبدول سەبور شاهین لە تەلفزیۆندا بە ئاشکرا بانگەوازیکردم، بۆ ئەوەی قەڵەمەکەم کە ئەو ستایشی کرد، بیخەمەگرِ بۆ بانگهێشتی ئیسلامی، لەپێناو بەدەستهێنانی خۆشی ئەم دونیا و ئەو دونیا. بۆ نموونە دەربارەی خۆشی دونیا وتی: پارەی باش بۆ پیاوی باش، ئەمە دەستەواژەیەکی پەیامبەرە کە بە عەمرو بن عاسی وت، چونکە تا پێشەنگی سوپای موسڵمانەکان نەگەشتنە مەکە، ئەم نەبووە موسڵمان، رۆشت بۆ لای پەیامبەر و پێی وت: من بەدڵێکی پر لە ئیمان هاتووم نەک چاوچنۆکی بۆ پارە یان دەستکەوت، پەیامبەر ناردی بۆ غەزایەک و پێ وت: برۆ بەشێک لە دارای بۆ خۆت ببە، بەڵی پارەی باش بۆ پیاوی باش. بانگەوازەکەی شێخ عەبدولسەبور بەرتیلێکی ئاشکراو روونە، بۆ ئەوەی پەلاماری پارە بدەم تا بتوانم خۆشی دونیا بەدەست بهێنم، بە خۆشی ژیان بەسەربەرم و نۆشی بکەم ، و خۆشی جەنەتیش، کە پانابیەکەی بەقەد ئاسمانەکان و زەوییە، بەو شێوەیە یەکێکم لەوانەی کە لە هەردوو ماڵەکە بەختەوەرم. دوای قسەکەی شێخ سەبوور، بانگەواز لە لایەن رەوتە ئیسلامییەکانەوە بەسەرمدا بارین، ئەوانیش بەڵێنی هەردوو دونیایان دەدا. ئەلێرەدا تێناگەین چۆن ئەم عەقڵە زۆرانە پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئەم هەڵوێستەمە( وەستان لە بڵاوکردنەوە لە ژێر هەرەشەی کوشتن) سەنگەر گواستنەوەیە؟!!! هەرچەندە بە شێوەیەکی بەخشندە پارەیەکی فراوانیان خستە بەردەستم بۆ ئەوەی ببمە پیاوێکی باش، من وام بەباش زانی چۆن بمەوێ وابم، و تەنها لای خۆم ئیش بکەم وەک چۆن بووم،........ بەڵام ئەوەی لە دوایدا روویدا، زۆر گەن( خراب) تر بوو!!. لە سەرچڵێکدا وامزانی دەتوانم هەندێ پارەم دەستکەوێت بە بێ ئەوەی غەزا بکەم یان چنگ بهاوێژم، هەستام بەوەی هەرچیم هەیە لە کارەکانی پێشووم چاپ بکەمەوە، و هەموویم دا بەدەستی بەرێز خالد زەغلول خاوەنی دەزگای چاپەمەنی( پارێزراو)، وەک ئەمانەتێک بۆ ئەوەی بڵاویانبکاتەوە لەسەر ئەساسی رێکەوتنێکی رەسمی بەرامبەر کرێ( پارە). هەروەها لەگەڵی رێکەوتم بۆ بڵاوکردنەوەی 3 سێ کتێب، پاشان رووداوەکانی ئینزار و وەستاندنم لە نووسین هات، و لە کاتی بێدەنگیم و ئامادەنەبوونم بۆ هیچ چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی و تەلەفزیۆنی، زەغلول ئەم هەڵوێستەی قۆستەوە بۆ ئەوەی پروپاگندەیەکی هەرزان بکات بۆ دەزگاکەی و بۆ خۆی.

چاوپێکەوتنی دەکرد لەگەڵ هەر کەسێکدا کە داوای قسەی منیان بکردایە و چی بویستایە بە زمانێکی پیس دەیوت، بووە هۆی ئیهانەیەکی زۆرم ، بەردەوام بوو تا ئارەزووەکانی بەدیهێنا و منیش نەمتوانی رایگرم لە شوێنی خۆی. پاشان ئەو پارانەی کە رێکەوتبووین لەسەری، کەم دەبووەوە تا بەتەواوەتی وەستا، ئەم پارانە مافی خۆمە لە برِی ئەو سێ کتێبەی کە بڵاویکردنەوە، مافەکانم تەواو نەبوو و تا ئێستە قەرزارمە و قەرزەکەشی نەداوەتەوە. هەرچیمان هەبوو لە پارەی خۆم و منداڵەکانم لە کتێبەکاندا خەرجم کرد و خستمەبەردەستی بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبەکان، یەک ملیمم لەلایەنیەوە بەدەست نەگەشت. لە گەرانێکی بێهوودە و بێئومێدا، چەندین جار هەوڵمدا ببینم لەو شوێنانەی کە هاتوچۆی دەکات، جارێ خۆی دەشاردەوە و جارێ دەیوت دەفتەری شێکەکانم لانییە، تا ئینزاری کردم کە بووسەتم لە گەران بەدوایدا، چونکە هیچ شتێکم لای نییە، منیش هیچ شتێکم نەبوو تا بتوانم

فشاری بۆ بهێنم، و ئەو کەسێکی پارێزراوە و کەسوکاری لە پەرلەمان و ئاسایشی دەوڵەتن، منیش یەک ملیمم لای نییە و بەرزترین شوێن ئەوەیە کە سواری ئەسپەکەم بم، کە من ئەسپم نەبێت ئیتر چۆن سواری ببم، شکاتێکم لەسەری تۆمار کرد بە ژمارەی 5249 لە ئەمینداریيەتی دادگای عابدین و دەعوەتێک بۆ گەڕانەوەی مافەکام بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتنە بە ژمارە 6604، و ئەوەی ئیشی دادگای میسری بناسێت، تێدەگات چەندێ پێویستی بە سەرفکردنی پارە هەیە بۆ ئەمسەروئەوسەر و کرێی پارێزەر و زانایەکان و رسووم و کوشتنی تەمەنێک، ئەو کاتە تێدەکات موسیبەتەکەم چەندی ماڵوێران بوو.

...........

بەم شێوەیە ئەو دارایيەی کە دوای( تۆبەکە) دەستم دەکەوت لە نووسینەکانم لە ناوخۆی میسر و دەرەوەیدا وەستان، پاشان دارایيەکانی تر لە برِی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانم وەستان، چونکە خالد زەغلولی خاوەن میسری پارێزراو دەستی بەسەرداگرد، تا خۆم و منداڵەکانم پەرێشان بووین و هیچ شتێکم نەمایەوە تەنها ئەوە نەبێت کە بە جدی بیر لە مانەوە بکەم وەک کۆچەرێک لە ئەمریکا، هەرچەندە ئازارەکانم زۆر بووە بەهۆی، کۆمەڵێ نەخۆشی بەم تەمەنە (کە لە سەرەتای شەستەکانم)، .... و لەو ئینزارە کوشندەیە، ولە شێخی لیبرالييەکان، و شێرە بێباکەکە، و میسری پارێزراو.....

ئەمە کاروانی موفەکرێکی میسری بوو، ویستی سەربەخۆیی بۆ خۆی بپارێزێ و وشەی ئازاد بڵێت بە بێ هیچ فشارێک،

ویستگەکەکانی لە ئیهانەوە......! بۆ پێویستی............بۆ روخان.......

بۆ تۆۆۆۆۆ ........ئەیییییییییی.....نیییییییییییشتمانەکەم.

لای تۆ شکات دەکەم بۆ شەرەفە غەدرلێکراوەکەم، بەهۆی دەنگوباسێکی هەرزان لە لایەن ئەوانەی کە بە باشم دادەنان و بە کوڕی تەنگانەم دەناسین، بۆ تۆ ئەی نیشتمان، دەردی منداڵەکانم دەخەمەبەردەست، لە کاروانێک پڕ لە دەردەسەری درێژ، هیچ تاوانێکیان نەکردووە تەنها ئەوە نەبێت کە من باوکیانم، بۆ تۆ ئەی خاکی نیشتمانی میسر ، هانات بۆ دەبەم و ئازارەکانم بەرز دەکەمەوە بۆت ئەی پاکی بێگەرد......

شیکاغۆ /ئەمریاکا/ 2006/7/10

............

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو مانگ لە ئەمریکا، و لەگەڵ تاقیکردنەوەیەکی سەخت کە تەنها عاشقەکانی نیشتمان ئەو دەزانن، لەگەڵ ئەوەی کە پێشبینیم دەکرد کە لەشە نەخۆشەکەم بەرگەی ژیانی تەنهای ناگرێت، بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم. لەگەڵ بڕیارێکی تری سەرڕۆیانە و لەوانەیە بڕیارێکی خۆکوژی بێت، بە گەڕانەوەم بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە و بەشداریکردن لە کێشەکانی وڵاتەکەم بە بوونم لە ناو وڵاتدا، چونکە من لەو کاتەی کە بڕیارمدا بووەستم لە نووسین و بلاوکردنەوە، باری تەندەرووستیم، بە خێرای بەرەو خراپتر دەچێت.

لەو بەیاننامەی (وەستان لە بڵاوکردنەوە) وتم: ئەم وەستانە بۆ من وەک مردنێکی لەسەرخۆیە، ئەوەندەم زانی بە خێرایی هات، هەستم کرد بەخنکاندن دەمرم، مردنێکی پیس و تۆپیوانە . کۆبوونەوەیەکم لە گەڵ خێزانەکەم کرد و حاڵەتی خۆمم بۆ شیکردنەوە کە بە چاوی خۆیان دەیانبینی، لەگەڵ ئاشکراکردنی ئارەزووە چارەنووسسازەکەم ( گەڕانەوە بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە). گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە چەند مانگێکی خایاند و کێشمەکێش وبێنەوببە بەردەوام دەبوو، لە کۆتایدا ڕەزامەندیان دەربڕی، بەڵام تا نووسینی ئەم نامەیە، دوودڵن و کۆمەڵێ تەحەفوزیان هەیە.

ئەلێرەدا دەبێت لە ڕێگەی ئەم بەیاننامەوە، بە ڕۆشنی وبەڕاشکاوانە بە خەڵکی بڵێم: خوێنم لە گەردنی حکومەتی میسریە، و دەبێت ژیانی من و منداڵەکانم بە باشی بپارێزت، وەک چۆن کەسانی دەسەلاتدار دەپارێزێت، ئەوانەی کە مووچەیان لە ڕەنجی من و منداڵەکانم وەردەگرن لە ڕێگەی باجەوە، بە بێ ئەوەی یەک هۆی ڕۆشن هەبێت بۆ ئەو پاراستنە زۆرە و ترسناکە کە بۆ ئەوان دابین کراوە لەکاتی هاتنی کاروانەکانیان. بەڵام کەسێکی لاوازی وەک من کە ئەوەی دەیزانێت و ئەوەی فێری بووە بە هەرزان دەیبەخشێت بەم وڵاتە، هیچی دەست نەکەوت چگە لەوەی پێیان وت ئاغا، تەنها بە خۆشەویستی و بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی لێ داوابکەم لەسەرەوەی توانای بێت، تەنها ئەوەی لە نێویدا بە سەربەرزی و بە ڕێزەوە بژیم، بە بێ منەتی هیچ کەسێک، و دوای مردنم خۆڵە پاکەکەیم بۆ ڕابخات بۆ ئەوەی ئێسک و پروسکم لە پاڵ باو و باپیرانم بێت،......... ئەو داواکارییەی کە ئێستە گرنگە، ئەوەیە کە لێپرساوانی ئاسایش بە ئاشکرا و بە ڕۆشنی و بە بێ هیچ پێچوپەنایەک، بمپارێزن و چاودێرانێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون و لێهاتوو دابین بکەن بۆم، نەک چاودێرانێکی لادێی نیمچە خوێنەواری ڕق لەدڵم بۆ دابنەن، وەک ڕوویدا ، هەروەها ئاشکراکردنی پاراستنی ژیانم تا ئەو کاتەی خوا دەمباتەوە. ئەم هەنگاوانە ئەگەر پێشوەخت بکرایە، ناچار نە ئەبووم بەو شێوەیە هەڵسوکەوتم بکردایە، ئەمەش چێگەی شانازییە بۆ من و بۆ ئەوانیش، نەک لە باوشی وڵاتێکی تردا بژیم و ئەوان ژیانم بپارێزن، تەنها لەبەر ئەوەی ڕێزی مرۆڤ دەزانن. ئایە بەهای مرۆڤ دەزانی ئەی نیشتمانم؟ ئەی نیشتمان، ئایە بەزەییەت بە عاشقێکتا دێت کە بە پەرۆشەوە پەنات بۆ دەبات؟ یان هەر بەدوای خۆشەویستەکەت کەووتویت بە شێوەیەکی دڵرەقانە و بێبەزەییانە؟

بەم باباتە و هەر بە بڵاوبوونەوەی، دەبمە ئەوەی کە هەڕەشەی تیرۆریستەکانم بەرپەرچدایەوە بەڕووی هەواڵهێنەرەکاندا، و لەگەڵیاندا بە شێوەیەکی ناشرین و پیس فڕەیاندەدەم، لەگەڵ تەحەدایەکی ئاشکرا ئەگەر لەو ئاستەدان کە بتوانن وەڵامی ئەم لۆژیکە ڕۆشنەی من بدەنەوە، بەم شێوەیش دەبمە خاوەن قەڵەمێک کە ڕووبەڕووی پیرمەندانی تاریکی ببمەوە جارێکی تر. ئەگەر مردنیش ناچاری بێت، من خوێنم دەخەمە گەردنی هەموو حکومەتی میسری بە گشتی، و بەتایبەتی لە گەردنی وەزارەتی ناوخۆ. پاشان لە گەردنی تۆیە ئەی جوانترین عاشق........ لە گەردنتە ئەی جوانترین شوێن لە نێوان هەموو شوێنەکان........ ئەی نیشتمان...